# نزیکترین حاڵەتی بەندە لە پەروەردگارییەوە لە کاتی سوجدە بردندایە؛ بۆیە زۆر نزا وپاڕانەوەی تێدا بکەن

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «نزیکترین حاڵەتی بەندە لە پەروەردگارییەوە لە کاتی سوجدە بردندایە؛ بۆیە زۆر نزا وپاڕانەوەی تێدا بکەن».
[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە کە نزیکترین حاڵەتی بەندە لە پەروەردگارییەوە لە کاتی سوجدە بردندایە، چونکە نوێژخوێن لەسوجدەدا بەرزترین وڕێزدارترین ئەندامی لاشەی لەسەر زەوی دادەنێت وەکو گوێڕایەڵی وملکەچی وزەلیلی دەربڕین بۆ خوای گەورە -عز وجل-. و پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمانیکردووە بە زۆر نزاکردن لەکاتی سوژدەبردن، بۆیە سوژدەبردن ملکەچبوون وزەلیلی بەندەی تێدا کۆدەبێتەوە بۆ الله -سبحانه وتعالى- بە قسە وکردەوە.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5382